# باخچەیەك لە هەتیوی

## دەجەنگم، تا تۆ تریقانەوەت لەسەر ئەم زەمینە بەردەوام بێ

**بۆ: ترێیەکانی ماریا**

هەر دوێنێ بوو، شەڕگەکان بەسەر لاشەی یەکتردا دەکەوتن.
هەر پێرێ بوو، دارە پیرەکان لە مەستیدا سێبەریان فڕێ.
هەر ئەو رۆژە بوو، کە تۆ لەسەر سینگی مندا
بە حەیرانەکان گریانت لە بیردەچۆوە.
لە هەتیوی مندا لەدایک بوویت.
کراسە سپییەکەت شەربەتی مێوژی بەسەردا دەڕژاو،
سەرینەکەت مەمەکانی لەسەر پەرت دەبوو.
ناو جێگاکەشت هەتیوی منی تێدا گەورە دەبێ.

هەر ئەو ساڵە بوو، باخچەکەت پڕ بوو لە ترێی چاوەکانت.
نیگاکانیشت لەسەر ئەم زەوییە تۆراوە، تۆرا.

وەک کەروێشکێک پەرێشانی شەوێک بووی.
دەنکە ترێیەکانت، هی ئەو ساڵە کۆنە بوو
کە لە باخچەیەکدا بەسەر شان و ملی مندا هەڵگەڕا.

گەر هەر جارێک هاتمەوە،
زەمبیلەیەک لەو ترێیانەم بۆ هەڵگرە.
لەگەڵ هەر پێکەنینێک
دەنک، دەنک دەیخۆین و،
بەدەم خواردنەوەی شەربەتی دانیشتنەکان،
سۆندەکە بێنەو، وەک گەمە هەمیشەییەکان،
باخچەکەی هەتیوی هەردووکمان ئاو بدە !

18– 7–2005

* ماریا: کچێکی تەمەن شەش ساڵانە، ئێستا لە کونجێکی باوەشی دایکم ژیان بەسەر دەبات.